# لەیادی ڕاپەڕیندا

# دەستکەوتەکانمان بژمێرین, یان دەست بخەینە سەربرینەکانمان؟!.

**عومەر محەمەد**

ڕاپەڕینی ئازاری 1991بە هەموو کەموو کوڕیو خاڵە لاوازەکانیشیەوە هێشتا بیرەوەریەکی گرنگە لە مێژووی نزیکی ئێمەدا, مێژوویەکە وێڕای هەر ڕخنەیەکیشمان لەکارەساتەکانی پاش ڕاپەڕین هێشتامایەی شانازیکردنمانە بەرۆژگارەکانی‌یەوە, چونکە هەرهیچ نەبێت کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان توانیان بەکردەوە بیسەلمێنن کە دوژمنی سەرسەختی دکتاتۆریەتنودێوەزمەی وەهاسیستمێکی حوکمڕانی پشتی بەهەرقەڵایەکی‌ئەستووری زۆرداریش بەستبێت, سەرئەنجام لەدەرفەتی ڕەخساوی جەماوەرخۆیدا دەکەوێتە بەرنەفەرت و بەودەردەی دەبەن کە توشی بەعس‌وجاسوس‌وپیاوانی بوودەڵەی ئەورژێمەبوولەشاروشارۆچکەکانی کوردستان, ئەگەرچی ڕاپەرین تۆوی گەلێك ئومێدی گەورەتری لەچاو ساتەوەختی‌پاش ڕاپەڕین‌و ئێستادا لەهەناوی‌خۆیدا هەڵگرتبوو, ئەویٚ ڕۆژیٚ‌خەڵکی کوردستان چاوەڕوانی گۆرانکاری مەزن‌و کردەوەی شۆڕشگێرانەی ممکن‌و پەکخستنی سیاسەتەکانی بەعس بوون لەهەرێمی کوردستان, بەڵام ئەفسوس زۆرینەی خەونە جوانەکانی جەماوەری کوردستان نەهاتنەدی, چونکە بەرژەوەندی سیاسەتەکانی ئەمریکالەو رۆژگارەدا لەگەڵ ڕووخانی یەکجاری رژێمی بەعس وێك نەهاتەوەومانەوەی رژێمی صدام حسینی لەناوچەی‌کەنداو کردە ئەمری واقع‌وهاوکات حزبە زلهێزەکانی کوردستانیش واقعەکەیان بەئاراستەیەکی‌پێچەوانەدابرد, لەودەرفەتەڕەخساوەدا, نەك هەرمەودای بەشداری راستەوخۆی جەماوەرییان لە بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵایەتیدا بەرتەسك کردەوە, بەڵکو بە زەبری هێزتەواوی مەیدانەکانیان بۆخۆیان کۆنترۆڵ کردوو, بەپێچەوانەی خواستی جەماوەرەوە ستراتیژی خۆیان لەسەر تەوەرەی بەرژەوەندییەکانی حزب دارشتەوەو سەرەئەنجام پاش دەستخەڕۆ بوون لە گفتۆی نێوان بەرەی کوردستانی‌و رژێمی ڕووخاو لەوسەردەمەدا, پاش هەڵبژاردنی پەرلەمان‌و ڕێکنەکەوتن لەسەر بەرژەوەندی حزبەکان,کەوتنە دۆزینەوەی مەیدانەکانی شەڕی‌خوێناوی‌ودواجار خولْقاندنی کارەساتەکان‌وپەکخستنی میکانیزمەکانی خۆبنیاد نانەوە لەکوردستان, ڕەنگە لەجێگەی خۆیدا نەبێت ئیستا قەتماغەی برینە کۆنەکان هەڵدەینەوە, بەڵام دەبێت بۆ هەمیشە ئەو ڕەخنەیە ئاراستەی حزبە دەسەڵاتدارەکانبکەین, کە لەتواناياندابوو گەلێك دەستکەوتی گەورەتر لەو دەستکەوتانەی تائێستابەدەست هاتوون بەدەستبهێنین, دەکرا هەندێك کێشەی لۆکاڵی هەرلەبنە ڕەتەوە مەودای سەرهەڵدانی نەدرایە, نەك وەك برینێك بکرێتە جەستەی جەماوەری خەڵکی کوردستان‌و چەندین ساڵی تریش پێوەی گیرۆدەبێت, وابۆنزیکەی 15ساڵ دەچێت کورد خۆی بەرێوەدەبات, کەچی تائەمرۆ ئاوڕێکی جدی لە مەسەلەبنەڕەتیەکانی بونیادی کۆمەڵایەتی‌نەداوەتەوە, وابۆنزیکەی 15 ساڵ دەچێت خەڵکی کوردستان چاوەڕوانی گۆڕینی پرۆگرامەکانی خوێندنن, پرۆگرامێك پتر مەیلی ئایندەی هەڵگرتبیٚ, نەك مەیلی ڕابووردوو, نوێخوازبێت‌ونەوەی نویٚ قایل بکات, نەك کۆنەپارێزبێت‌و لەحیکایەتی پیرەکانەوە ئیلهام وەرگریٚ, بەداخەوە وەك لەهەلومەرجێکی تایبەتدا تاوانبارانیان داڵدەدا, لەپاش روخانی یەکجاری بەعسیشەوە نەك هەرگەورە تاوانبارێکی ئەنفال‌وجینۆسایدیان نەبردە بەردەمی دادگا, بەڵکو ئەوشکایەتانەشیان بەهەند نەگرت کە لەلایەن کەس‌وکاری قوربانیەکانەوە ئاراستەی دادگاکرابوون‌ولەسەر تاوانباران تۆمارکرابوون, تائەمرۆش نەمانبینی ئەنفالچیەك سوود لەلێبوردنی بەرەی کوردستانی وەرگرتبیٚ‌و بێت لەشاشەی تەلەفزیونی ئەوحزبەوە کەداڵدەی داوە داوای لێبوردن لەجەماوەربکاو حیکایەتی قوربانیەکانی ئەنفال‌وتێوەگلانی خۆی وەك چاوساغێکی رژێمی بەغدامان بۆبگێڕێتەوە, دڵنیام هەندێك ئەمە بەکارێکی ئەستەم‌و مەحاڵ تەماشادەکەن, بەڵام بۆهەرکەسێك کەدەیەوێت لە چەمك‌وواتای لێبووردن تێبگات, دەبێت داننان بەهەڵەی تاوانباران لەبەردەم ڕای گشتی جەماوەردا بەیەکەمین هەنگاوی سەرەتایی تەماشابکات,یان بەیەکەمین چێژوەرگرتن لەواتای لێبووردن تەماشابکات, ئەی بۆنەپرسین, ئەستەم نیە؟ ئەنفالچیەك دەیان خەڵکی بێتاوانی تەسلیم بە تەنوری بێئامانی ئەنفال کردبیٚ پێی شەرم نیەئەمرۆلەناو حکومەتی کوردی پلەداربیٚ, بەڵام پێی شەرمە ڕاستی ئەوەی کردووەیەتی یان بینیوێتی یان ئەوەی دەیزانیٚ بۆخەڵکی کوردستانی بگێڕیتەوە؟ پێی شەرم نیە دوێنیٚ چاوساغی خوێنڕێژ ترین دەسەڵاتی بەڕیوە بردن بووە, بەڵام پێی شەرمە یان بەلایەوە ئەستەمە ڕێز لەجەماوەروتەنانەت ڕێزلە لێبوردنی حزبەکەی بگریٚ؟ بەداخەوە وەك تاوانباران نیازیان نیە ڕێز لەولیبورنە بگرن بەرەی کوردستانی‌وحزبەکانی ئەمرۆش ڕێزلەبڕیارەکانی خۆیان ناگرن, چونکە لێبوردن بەتەنها بڕیارێکی مجرد نیە, هێندەی ئیلتزامە بەئەخلاقیات‌وبەهای مرۆڤەوە, پابەندە بەقەوارەی مافەکانی مرۆڤەوە, من هەرگیز چ دوێنیٚ لەسەرەتای راپەڕین‌وچ ئەمرۆش کە رژیمی بەغدای تیدا لەگۆڕنراوە, لەگەڵ کوشتنی هیچ تاوانبارێك نەبووم‌و نیم, نەخێر بەڵام بڕواشم بەوە نیە بەناوی لیبوردنەوە, لیبوردن ئەتك بکرێت, بەناوی ئاشتبوونەوەوە تاوانباران‌و شۆڕشگێران ببنە برای سەریەك مێزی گفتوگۆو دواجارببنە برای سەریەك سفرەی نانخواردن, تاوانباران هەقوایە لەدەرفەتی گونجاودا سزای تاوانەکانیان وەرگرن, ئیمتیازەکانیان لێبسەندرێتەوەوبەبڕیارێکی شۆڕشگێرانە لەهەموو پلەوپایەیەکی ئابوری–سیاسی کۆمەڵایەتی‌وڕۆشنبیری دوربخرینەوەو ڕێگە ئەوەیان نەدرێت دەستبخەنەکاروباری سیاسی وولاتەوە, بۆیەدەبێت لەیادی راپەڕینی ئازاری 1991دا حزبەکان چاوبەخۆیان‌و دەستکەوت‌وخروقاتەکانیاندا بخشێننەوەو

لەپەنجەرەی 7ی ئازارەوە چاوێك بەحەوشەوبانی خۆیاندا بگێڕنەوەو هەڵوەستەیەكیش لەو رۆژە بكەن, دەستكەوتوكارەساتەكان بژمێرنو بڕوانن لەكامیاندا جێگەیدەستیان زیاترە. ئەگەر لەكارەساتەكانە ئەوا دەبێت بەرلەوەی گوێ لەڕەخنەی خەڵك بگرن خۆیان ڕەخنەگری یەكەم بن لەخۆیان, چونكە هەرلایەنێكی سیاسی یان هەركەسێكی سیاسی ئامادەنەبێت ڕەخنە لەخۆی بگرێت, بەدڵنیایشەوە ئامادەنابێت ڕەخنەی دەرەوەی خۆی بەهەند بگرێت, خۆئەگەر دەستكەوتەكانیشی زیاترن ئەوا ناشێت بە پیرۆزكردنی دەستكەوتەكان بخەڵەتێولەبری گەورەكردنی خەرمانی دەستكەوتەكان ئەوەی كەهەیشە لەدەستی بدات, ئەفسوس ئەمە یەكێكە لەوبەدحاڵیبوونانەی كەلتوری پاش ڕاپەڕین, ئەم كلتورەش, باگراوەندێكی خراپی لەپشت ڕەخنەوە قوتكردۆتەوەو مەودای نەداوە هێشتا بەو شێوەی پێویستە ڕەخنەی جدی كاری جدی خۆی بكات, دەتوانین بەشێوەیەكی تریش ئەم كەلتورە مەحكوم بكەین, چونكە ئەمە میراتی بەعسەلەكوردستان بەجێماوە, ئەوە بەعس بوو زمانی پیاهەڵدانی دەستكەوتەكانی شۆرشی پەسەند دەكردوزمانی ڕەخنەی زیندەبەچاڵ دەكردو دەیهاویشتە خانەی (غەوغاوموخەڕیب)وتابوری پێنجەمەوە, جیاوازیەك كەلەو سەروەختە تاریكەوپاش راپەڕین بەدی دەكرێت, ئەوەیە بەعس لەسەر ڕەخنەیەك ئامادەبوو خاوەنەكەی بەمەرگ بسپێرێ, بەڵام لەكوردستان ڕەخنەگر بە فەرامۆشی دەسپێردرێ, قسەكانی بەهەند ناگیرێ, مەودای كاركردنی لەدامودەزگاكانی حكومەت بەرتەسك دەكرێتەوە, رەزاقورس لێی دەڕوانرێو بەهەمان دەستەواژەكانی سەردەمی بەعسیش تۆمەتبار دەكرێت, نازناوی سەرلێشێواو ئاژاوەگێڕی لێدەنرێ, لەكاتێكدا لەهەلومەرجێكی وەك ئەوەی كوردستاندا, دەبوایە باشترین زەمینە بۆ رۆشنبیران بەگشتیو رەخنەگران بەتایبەتی بڕەخسینرایە, تا بەهەموو لایەك مەوداكانی سەركوێركردنوچەواشەبوونی لاوان تەنگەبەربكەینەوە, دەبوایە یەكەمین دەروازەی دیموكراتیزەكردنی كۆمەڵگە لەكۆڵانوشوینی نیشتەجێبوونی رۆشنبیرانەوە دەرگای بۆبخرایەتە سەرگازی پشت, وەك دەڵێن: (ئەگەرحكومەت نانی نەبوو بیدات بەخەڵك دەبێت حەقی قسەكردنیان بداتێ)ومن ئەوەشی بۆزیاد دەكەم دەبێت دەسەڵات گوێشیان بۆبگرێت تا بزانێت بۆنانی نیە بیداتە خەڵك؟ بەڵام گرفتەكە لەوە قوڵترە, كوردستان بەسەر كەلاوەی دیهاتەكانیەوە, بەسەر مەگی هەزاران هەزار كوژراوو بێسەر وشوێنكراوی خۆیەوەلە سەردەمی فیودالیزمەوەبۆسەرەتاكانی جیهانگیریولەژیر گەمارۆی ئابورییەكی ترسناكدا لەچنگ بەعس رزگاری بوو, لەوەها حاڵێكیشدا ڕیگاكانی سەركوێر بوونوبێئومید بوون نزیكترن, لەژیانێكی تەندروستونۆرماڵ, بەتایبەتی ئەگەر لەمەیداندا دەیان گرووپوحزبودەستەوتاقمی حاقدووێرانكەربەناوی ئاینوجیهادومژدەی بەهەشتەوە لەمەیداندابنو خۆیان بۆتۆ لەبۆسەنابێ, خۆیان بۆتیرۆری هەمووان لەبۆسەنابێت لەسفورێكەوە بۆكۆلكە خوێندەوارێك, لەخێرخوازێكی بێگانەوەكەهاتووە لەبنیادنانەوەی وولاتدادەستت بگرێت, بۆهاوڵاتییەكیكوردكە زمانی بێگانەدەزانیو دەرفەتی كاری بۆڕەخساوە لەگەڵیاندا, ئەی خۆ لەخۆڕایی نیە گەنجێك یان سەری خۆی هەڵدەگرت, یان چەك هەڵدەگرێت یان تەزبیحێك ؟ ئەمانەهەزاران نموونەی تریش پێویستیان بەچارەسەری ریشەیی هەیە, راستە ئەمرۆ هەرێمی كوردستان ,لەچاوباقی شارەكانی تری عێراق لەهەموو روویەكەوە جوانتروئارامترە, بەڵام بەوحاڵەشەوە لەئاستی جەماوەری راپەڕیووی خەڵكی كوردستاندانیە, بێ ترسوتیرۆروبێ قوربانی دەستی تیرۆرستان نیە, زمانەكان هێشتا زمانی دیموكراسی نین, هەڵبژاردنەكان تەندروستوبێ ترساندن بەرێوە نەچوون, دیموكراسیەت نەبووەتە پرۆسە هێشتا سنوورەكانی پروپاگەندەیان نەبەزاندووە, هێشتا وەك پێویست دەزگاكانی راگەیاندن تیشك ناخەنە سەرلایەنەتاریكەكانی تیرۆرومەرجەعەفیكریەكەی, هێشتا رۆژنامەی ئازاد تەموومژی پاشكۆیەتی لەسەرە, هێشتا جیاوازی لەنیوان بەرپرسێكوهاوڵاتیەكدا ئاسمانوریسمان, دادگاكان سەربەخۆنین ,لایەنداریەكی تەواویان بۆبەرپرسانوحزمایەتیوخیلایەتی ئەوان هەیە (ئەگەرپێویست بوو,نمونەمان زۆرلەبەردەستدایە)هەموو ئەمانەش نەك خزمەت بەدەستكەوتەكانی راپەڕینوسالانی حوكمڕانی كورد ناكەن, بەلكو گرنگی دەستكەوتەكان دەخەنە ژێر پرسیارەوە, چاوپۆشین لەوخەرمانی كەموكوڕییانە بەهیچ جۆرێك ناچنە خانەی ڕێزگرتن لەدەستكەوتەكان, بەڵكو سووكایەتی كردنێكی بێپەردەیە بەدەستكەوتەكان, زەوتكردنی ئیرادەی خەڵكە لەبەرهەمهێنانی دەستكەوتی گرنگتر بۆئایندە, ئەوەی پێی وایە بەگەورەكردنیدەستكەوتەكان لەقەوارەی خۆیان زیاترلەقازانجمانە, ئەوە نەدەتوانێ دەستكەوتی زیاتر بەدەست بێنێونەنیازیشێتی بەدەستی بێنێ, بەڵكو دەخوازێت بەناوی پیرۆزكردنی دەستكەوتەكانی ڕاپەڕینەوە, گۆڕیك بۆ ئالییتیكانی چونەپێشەوەش هەڵبكەنێو ئەوگۆڕەش بەدروشمی پیرۆزبڕازێنیتەوەولە رۆژانی هەینیوبۆنە تایبەتیەكانی خۆیدا لەوێ بە وەعزدادان, چەواشەمانكاتەوە. راستتر وایە هەم دەستكەوتەكانمان بپارێزینوهەدەستكەوتی گەورەتریش بخەینە سەرخەرمانی پێشوومان, كەواتە ئەوەی گرنگە ئێستاو ئایندەیە لەئیستادا چیمان لەتواندایەو بۆ ئایندەش چیمان خستۆتەهەگبەوە؟ فەرموون بابەشەفافیوبەجورئەتەوە بەرەو ئایندە بڕۆین, چونكە سبەینێ ئەمرۆمان دەكاتە ڕابووردوو.